**ئەمە بۆچونم بوەلە ٢٠٠٨دا ئیستاش هەروادەلیم**

# دەنگ بە کۆیلە بوونی خۆتان مەدەن .....!

**پشکۆ ئەمین**

**2010.02.18 - شتوتگارت**

دەستپێک | پرینت

دەنگ بە کۆیلە بوونی خۆتان مەدەن .....!

هاورێیەکم پێیوتم ئەری دەنگ دەدەیت وتم (نە) وتی بۆ ؟

وتم عێراقی نیم، ئەم هەڵبژاردنە بۆ عێراقییەکانە!

وتم هەتا ئەمڕۆ نە پەرلەمانی عێراق نە هیچ سیاسەت مەدارێکی عێراقی نە شیعەیەک نە سونیەک نە شیوعیەک نە دیموکراسیخوازێک نە ماف پەروەرێک نە تەماتە فرۆشێک نە کرێکارێک نە بازرگانێکی عێراق بڕوای بەتۆ نییە کە کوردیت و عێراقی نیت!

تەنها تۆیت و بەناو سەرکردەکانی تۆیە خۆیان بەعێراقی دەزانن و باس لەعێراقی تازە و فیدراڵ و توافق و تەشقەڵەی دنیا دەکەن!

چ رۆژێک ڤێتانمییەک دەنگی بۆ فەرەنسا یان بۆ ئەمریکای داگیرکەری دا!

چ رۆژێک فەڵەستینییەک دەنگیدا بۆ ئیسرائیل و خۆی بەئیسرائیزانی!

دەچی دەنگ بەکێ دەدەیت هەی ماڵ وێران؟!

دەنگ دەدەی تا بەدەنگدانەکەت عێراقی بوونی خۆت بەئیسپات بگەیەنی!

دەنگ دەدەیت تا جارێکیتریش تەوقی دیلێتی ملت ئەستوورتر بکەیت!

دەنگ دەدەی تا کەرکوک و قەرەتەپە و قەرەحەسەن و زەرباتیە و بەدرە و جەسان و مەندەلی لە کوردستانی بوونیان بسڕیتەوە!

دەنگ دەدەی تا شۆڤینییەکان دەرگا لە رووی کوردستانی بوونی شەنگار و شێخان و مەخمور و ناوچە داگیرکراوەکانی تری کوردستاندا داخەن!

دەنگ دەدەی بەو پەرلەمانتارانەی شەرم دەکەن وەک لەیلا زانای کیژۆڵەی قارەمان بەکوردی بدوێن!

یان دەنگ دەدەی بۆ ئەو پەرلەمانە عێراقییەی کە دەیەوێت ئەو نیمچە فیدراڵییەی بەدەست هاتووە رۆژبەڕۆژ پچووک بکرێتەوە!

دەچیتە پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو مافەی بەخوێنی شەهید و بە ئەنفال و بە کۆڕەوی یەک ملیۆنی بە دەست هات، شۆڤینیستەکان بە یاسا و بە دەستوور بە دیموکراسێتیی زۆرینەی شیعە و سونە لێتبستێننەوە!

دەنگ دەدەیت تا لەگەڵ ئەو پەرلەمانتارەدا دانیشی کە دوێنی جینوسایدی کردیت ئەمڕۆش دەستی هەبێت خراپترت

لێدەکات!

ئەوە برا عەرەبە چاوڕەشەکەی ناو پەرلەمانە دژە بەو مادە ناموبارەکەی کە سیاستمەدارانی کورد خاکەکەیان پێخستە مەزاتەوە کە بە ١٤٠ناسراوە.

لەگەڵ ئەو کەسەدا دادەنیشیت کە دوێنی ژێر بەژێر بە شیعە و سونەوە بەچاک و بە خراپیەوە بە سەرۆکی پەرلەمان و بە دەرگاوانەکەیەوە بە هاوپەیمان و بە دۆستیەوە فێڵیان لێکردیت و مادەی ٢٤یان بۆ دروستکردیت، تا ئێستا تۆی کورد مافت پێشێل دەکرێت، خاکت، زمانت، کلتورت، مێژووت، هەستت، تەعریب دەکرێت، هۆشتان بێننەوە بەر خۆتان ئەی خوشکان و برایان، نەتەوەکەتان چاوەڕێتانە!

(هۆش و بیرت بێ، پیاوی ژیرت بێت، لەجێی سەربەستی بۆ زنجیرت بێت!).

وەرە ویژدانت ئاسوودەکە، دەنگ مەدە و خۆت مەکەرەوە بە خەڵکی ئەو وڵاتە داگیرکەرەی ١٨٠ هەزار کەسی ئەنفال کردیت، شار و گوندەکان و رەز و باخ و سەرتاپاخواری زێدی باب و باپیرانی ژەهراوی کردیت.

وەرە ویژدانت ئاسوودەکە لەگەڵ ئەو کەسەدا دامەنیشە کە دوێنێ شەرفمانی کردە دیاریی ئەنفال و بۆ براکانیی نارد.

وەرە تا زووە بەخەبات لەپێناو ئازادی و سەربەخۆییدا تەوقی دیلێتییەکەت، دیواری زیندانەکەت، هەڵتەکێنە، لەبنەڕەتەوە خۆت بگۆڕە و ئیتر برا بچوکیی کەس قبوڵ مەکە، خاک و نەتەوەکەت چاوەڕێتە.

وەرە ویژدانت ئاسوودەکە و دەنگت مەدە بە پەرلەمانێک ئامادە نییە لەپاش جینوساید کردنت لە پاش ئەنفال کردنت لە پاش ژەهراوی کردنی خاک و زێدەکەت، ئامادە نییە داوای لێبوردنت لێبکات!

هەتا ئێستا عێراقییەکان لە نازیەکان خراپتر بیردەکەنەوە، لە شۆڤێنیستەکان شۆڤێنیانەتر دەڕواننە کورد. ئەمان لە ئەپارتهایت چیەکانی خوارووی ئەفریقا خراپتریان پێکردووین، ئێستاش گەر دەسەڵاتیان هەبێت لە فاشیە گۆڕبەگۆڕەکەی بەغدا خراپترمان پێدەکەن، ئەوەی ئەو بۆی تەواو نەکرا ئەمان تەواوی دەکەن!

وەرە ئەم هەلە لەکیس خۆت مەدە، سەروەری بۆ خۆت بنووسە وەک چۆن مێژوو بۆ ئەوانەی نووسی کە لە ١٩٢٥ دا واتە ٨٥ ساڵ پێش ئێستا دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا و دژ بەعێراقی بوون وەستانەوە.

وەرە هەر دوێنی بوو لە ٢٠٠٣دا لە٪٩٥ نەتەوەکەت لە خوارووی کوردستاندا بەخوێن نووسیان سەربەخۆیی، وەرە ئەی خوشک و برا هەژار و سەرلێشێوێنراوەکەم، ئیتر با بەس کەرامەتی نەتەوەییت پێشێلبکرێ، تۆ نە ئێرانیت، نە عێراقیت، نە سورياييت، نە توركی شاخستانيت!

راپەڕە و با هەر هەمووومان تەوقی عێراقچێتی کە تەوقی کۆیلەییە لەملمان داماڵین.

وەرە ببەرەوە بە کورد بە کوردستانی، وەرە کوردانە بیر بکەرەوە نەک حیزبیانە، وەرە باتۆش وڵاتت هەبێت، ئاڵات هەبێت، دەنگت هەبێت، رەنگت هەبێت!

وەرە کۆیلەی هیچ بیرێک و هیچ حیزبێک و هیچ سەرکردەیەک و هیچ بنەماڵەیەک مەبە کە لە کەرامەتی کوردانەت کەم دەکاتەوە، دەتکاتەوە بەکۆیلەی وڵاتی داگیرکەر.

وەرەبا هەر هەموومان بایکۆتی دەنگدانی عێراقیبوون بکەین و دەنگ نەدەین و هاوار بکەین شەرمە دەنگ بە عێراقیبوون بدەین.

وەرە بالە رۆژی دەنگداندا لەدەرگای گشت شوێنێک بدەین تا سەربەخۆییمان بۆ ئەسەلمێنن.

وتی: بەڵام سیاسەت مەدارانمان عێراقین. وتم راستە با ئەوان خۆیان بچن دەنگ بەن، گەر من نەچم و تۆ نەچیت، ئەوان ناتوانن بەناوی من و تۆوە هاواری عێراقی بوونی ئێمە بکەن.

بێمن و تۆ ئەوان ئاشیان بەتاڵە!

وەرە گوێ لە دەنگی خاک بگرە هاوارت لێدەکات خۆت بگۆڕە واز لە نۆکەری بهێنە، دەنگ مەدە!

کوردستانی نیشتمانت هاوار دەکات، وەرە کوردایەتی بکە نەک عێراقچێتی.